# چۆن فڕانتز فانۆن
# لە ڕێی شۆڕشی جەزائیرەوە گۆڕدرا؟*

پیتێر هۆدیس**

و: ڕێبوار ڕۆژهەڵات

هیچ شتێکی دەرهەست[1] لە ڕوانگەی سیاسیی فرانتز فانۆنەوە دەربارەی وڵاتانی باشووری جیهان[2] نەبوو: لە خەباتی ڕزگاریخوازیی جەزائیردا هەڵبەسترا. ڕۆڵی فانۆن لەو خەباتەدا، قەناعەتی بە ناوبراو هێنا کە سەربەخۆیی نەتەوەیی بەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێ مانایە.

شەستەمین ساڵڕۆژی مەرگی فرانتز فانۆن لە ٥ی دێسامبری ساڵی ڕابردوودا، بووە بیانوویەک کە جارێکی دیکە بە بەرهەمەکانیدا بچنەوە. هەندێک سەرنجیان خستە سەر ئەوە بەشەی کە فانۆن بە ناوی «وەسیەتنامە»ی خۆی ناوی هێناوە: هەڵسەنگاندنی ڕێگە گۆڕینی ناوبراو لە شۆڕشەکانی ئەفریکا لە کتێبی داماوەکانی سەر زەوی (The Wretched of the Earth)دا، تەنیا چەند حەفتە بەرلە مردنی بە شێرپەنجەی خوێن لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا تەواو بوو.

هەرچەندە زۆر کەس لە کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی «داماوەکانی سەر زەوی»دا وەکوو «ئینجیلی شۆڕشی جیهانی سێیەم» ستایشیان کردووە و پێیان هەڵگوتووە، بەڵام ئەم کتێبە هەر بە شێوەیەکی سەرپێی و خشکەیی ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەمریکای لاتین دەکات و، هەوڵ نادات بە تیۆرەتەسەلی زۆربەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی ئەفریکایی شەنوکەو بکات کە لەوان سەردەماندا چالاک بوون. خاڵە سەرەکییەکەی تارادەیەک نێوبژیوانیی ورد لەسەر شۆڕشی جەزائیرە، کە نووسەرەکەی پاش ماوەیەک لە هاتنی بۆ جەزائیر لە ساڵی ١٩٥٣وەوە ڕاستەوخۆ تێیدا بەشدار بووە.

## کۆڵەکەی جەزائیری

فانۆن بەڵگەی باشی هەبوو تا شۆڕشی جەزائیر وەک کۆڵەکە و پێشەنگی شۆڕشە بەربڵاوەکانی ئەفریکا ببینێت. لە کاتێکدا ئیمپریالیزمی فەڕانسە و بەریتانیا لە ئاخروئۆخرەکانی دەیەی پەنجادا ئامادە بوون کە سەربەخۆیی سیاسی بە هەندێک لە کۆلۆنییەکانی ئەفریکای خۆیان ببەخشن، بەڵام بابەتەکە لە جەزائیردا زۆر جیاواز بوو. ئەم وڵاتە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی ئەورووپی لەخۆ گرتبوو کە پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ فەڕانسە هەبوو و تارادەیەک هەموو مەیل و داگەڕانێکی سیاسیی گەورەی فەڕانسە دژی سەربەخۆیی‌یان بوون - وەکوو حیزبی سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان. پاریس دەیان هەزار هێزی سەربازیی بۆ سەرکوتی شۆڕش کۆ کردەوە. ئەم شەڕە خوێناوییە دژە شۆڕشە نزیکەی یەک ملیۆن کەسی کوشت.

فانۆن لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ئەگەر شۆڕشی جەزائیر سەر نەکەوێ یان نەتوانێ «ئۆمانیزمێکی نوێ» لە وڵامی ئەو بێ‌مرۆڤبوونە پێک بێنێ کە کۆلۆنیالیزمی ئەورووپا بەرهەمی هێنا، دەوڵەتە تازە سەربەخۆکانی ئەفریکا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی وردتر، کەچی دەسەڵاتی فێڵبازانەی نیۆکۆلۆنیالیزم لەوە کەمتر نابێ. داماوەکانی سەر زەوی (The Wretched of the Earth) تارادەیەک جێژنێکە بۆ گەشەکردنی داهێنان و خۆڕێکخستن کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی جەزائیر لە ڕەوتی خەباتی چەکداریی دە ساڵەدا سەری هەڵداوە.

هەر وەکوو فانۆن لە لاپەڕەی دووەمی کتێبەکەدا نووسیویەتی:

لەنێوبردنی کۆلۆنیالیزم قەت وەپشت گوێیان نادرێت، چونکە تیشک دەخاتە سەر بوون و لە بنەڕەتدا دەیگۆڕێ و، بینەر لە دۆخێکی نابنەڕەتییەوە دەگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی بژاردە کە بە شێوەیەکی گەورە لە چەقی سەرنجی مێژوودا حاسێ بووە.

لە هەمان کاتدا هۆشدارییەکی توندی دا کە دەوڵەتە تازە سەربەخۆکان بەرەو ئۆتۆریتاریانیزم(پاوانخوازی) و شۆڤێنیزمی ئێتنیکی و خێڵگەرایی پاشەکشە دەکەن، ئەگەر نەتوانن بەرەو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێن کە ئەو فۆرمە «دووبارەکراوە»ی پێوەندییە مرۆیی‌یەکان بنەبڕ بکات کە

سەرمایەداریی ڕەگەزپەرەستی پێناسە دەکرد. وەکوو فانۆن بە شێوەیەکی پێغەمبەرانە دەڵێ: "ئەگەر ناسیۆنالیزم ڕوون، دەوڵەمەند و قووڵ نەکرێتەوە و، ئەگەر زۆر بەخێرایی نەگۆڕێت بۆ هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مرۆڤدۆستی، دەچەقێ و بەرەو بنبەست دەڕوا"[٣].

## فانۆن وەکوو خەباتکارێک

فانۆن سەرەتا نەچووە جەزائیر بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە شۆڕش، بەڵکوو وەکوو پزیشکێکی دەروونی لە بیلدا-جۆینڤیل لە دەرەوەی جەزائیر درێژەی بە کاری خۆی دا. لە دورگەی مارتینیک لە کارائیبی ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە لەدایک بووە، لەوان سەردەماندا زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵگەی باکووری ئەفریکا نەبوو، و بە عەرەبی و کابیلی قسەی نەدەکرد.

بەڵام ئەو قوتابییەکی بەدەستوبرد بوو و، پاش ئەوەی بەرەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی(FLN) لە یەکی نۆڤامبری ساڵی ١٩٥٤دا شۆڕشی هەڵگیرساند، وەکوو لایەنگر و پاشان وەکوو وتەبێژی ڕێکخراوەکە، چالاکانە لە مەیداندا بوو. زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین لەو کاتەوە تا کۆتایی ژیانی، فانۆن بەتەواوی خۆی بۆ دۆزی سەربەخۆیی جەزائیر تەرخان کرد و، لە ساڵی ١٩٥٩ەوە وەکوو باڵیۆزێکی گەڕۆکی FLN لە وڵاتانی باشووری سەحرای ئەفریکا خزمەتی کرد و، چەندین جاران هەوڵی دا پشتیوانی بۆ شۆڕشەکە بچەسپێنێ.

سەرەڕای ئەمە، فانۆن لەمێژ بوو بەرلەوەی کتێبی داماوەکانی سەر زەوی (The Wretched of the Earth) بنووسێ، لەبەر هێندێک هۆکار نیگەرانی ئاراستەی FLN بوو. هەرچەندە FLN ڕوخسارێکی گشتیی یەکگرتووی پێشان دەدا، بەڵام FLN وەک هەموو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، چەندین ئاراستە و مەیلی سیاسیی لەخۆ گرتبوو. بەشێکیان زۆر بەدڵی فانۆن بوون، وەکوو فەرماندەی FLN سلیمان دێهیلێس (ناسراو بە سەرهەنگ سادک). لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٥ کە وەکوو بەشێک لە باڵی مارکسیستیی FLN دەناسرا، پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دێهیلێس دامەزراند.

لەوەش گرینگتر ڕامدان ئابانێ بوو. ئابانێ سۆسیالیستێکی سیکۆلار بوو و لە ساڵی ١٩٥٥ بوو بە ڕێکخەری سەرەکیی FLN لە جەزائیر و داڕێژەری شەڕی بەناوبانگی جەزائیر لە ساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ بوو. فانۆن بوو بە هاوپەیمانی ئابانێ و، لە زۆر ڕووانەوە وەک ڕاهێنەری سیاسیی خۆی سەیری دەکرد.

لە کاتی دەرکەوتنی گشتی لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٥٤دا، FLN بەیاننامەی ئامانجەکانی بڵاو کردەوە، بەڵام ئەم «ڕاگەیاندنەی ڕۆنیۆد» دەربارەی ئایدۆلۆژیا، پێکهاتە و ئامانجەکانی کۆتاییی بزووتنەوەکە ناڕوون بوو. ناکۆکیی نێوخۆیی دەربارەی فۆرم و ئاراستەی FLN خەریک بوو پەرەی دەستاند. ئەمەش وایکرد لە مانگی ئاگۆستی ١٩٥٦ کۆنفرانسێکی نهێنی لە شاری سومام بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە ناکۆکییانە بگرن.

فانۆن بەشداری کۆنفرانسەکە نەبوو، بەڵام بە توندی پشتیوانی لەو هەڵوێستانە کرد کە بە دەستپێشخەریی ئابانێ لەوێ پەسەند کران. ئەو هەڵوێستانە جەختیان لەسەر پێشەنگایەتیی سەرکردایەتیی سیاسیی FLN بەسەر فەرماندە سەربازییەکانی و لەسەر ئەولەوییەتی «هێزەکانی نێوخۆ»ی بەسەر ئەوانەی لە دەرەوەی جەزائیرن، دەکردەوە. هەروەها لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا کە FLN بڕیارەکانی لەسەر بنەمای بەکۆمەڵ و دێمۆکراتیک بدا و، جەختی لەسەر پێویستیی وەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ دۆزی خۆی لە فەڕانسە کردەوە، هەروەها بەڵێنی مافی یەکسانی بە کەمینە جوولەکە و ئەورووپییەکانی جەزائیر دوای سەربەخۆیی دا.

## دابەش‌کردنەکان لە FLNدا

ســەرەڕای ئەمە، گرژییــەکان لەنێوان پێکهاتە ڕادیکاڵ، ســیکۆلار - سۆسیالیستەکانی FLN و هێــزە کۆنەپارێزەکان(کۆنســێرڤاتیڤ)، کــە دەســتەیەکیان لەگەڵ دەوڵەتێکــی عەرەبی- ئیســلامیدا بــوون، پەرەیان ســتاند. بە پێی قســەی فەرهەت عەباس کە لە ساڵی ١٩٥٨ تــا ١٩٦١ لە تەبعیــددا ڕێبەرایەتیی دەوڵەتی کاتیی FLN ی دەکــرد، ئابانیێ لە کاتێکدا بە فەرماندە نیزامییەکانی گوت: "دەســەڵاتێکتان دروســت کــردووە کە لەســەر بنەمای هێزی نیزامــی دامەزراوە، بەڵام سیاســەت بابەتێکی دیکەیــە و نەخوێندەوار و نەزانــەکان ناتوانن بەڕێــوەی بەرن". لە بۆنەیەکــی دیکەدا گوتی: "ئەوان تەواو دژی ئازادی و دیمۆکراســین کە ئێمە بۆ جەزائیرێکی ســەربەخۆ دەمانەوێ. . . دەسەڵاتی ڕەها ناتوانێ بەبێ ئالنگاری دەوڵەت بەڕێوە ببات". فانۆن پشــتیوانی لە هەڵوێستی ئابانیێ کرد، کەچی زۆر کەســی دیکە لە FLN دا پشتیان تێکرد.

ئەحمــەد بێن بێلا کــە دواتر لە ســاڵی ١٩٦٢ تــا ١٩٦٥ بــووە یەکەم ســەرکردەی جەزائیــری ســەربەخۆ، نەیــاری ئابانــێ بوو و دژایەتیــی کۆنفرانســی ســومامی کرد. لە هاوینی ســاڵی ١٩٥٧دا، ئابانێیان بە یارمەتیی عەبدولحەفید بوسوف و لاخدار بنتۆبال بە زۆر لە سەرکردایەتیی FLN دەرکرد. فانۆن کەیفی بەو دوو کەسەی دوایی نەدەهات و لێیان بێزار بوو. بە هاوڕێیەکی گوت کە ناتوانن «پێشبینیی هیچ شتێک لە دەرەوەی سەربەخۆیی بکەن» و «بەردەوام لەسەر دەسەڵات کێبەرکێیانە»:

لێیان بپرســە ئەم جەزائیرە لــە داهاتوودا چــۆن دەبێت و، هیــچ ســەرەداوێکیان نییە. بیرۆکەی دەوڵەتێکی سیکۆلار یان سۆسیالیزم، بیرۆکەی مرۆڤ بۆ ئەو بابەتە، ئەمانە کۆمەڵێک شتن کە بەتەواوی نامۆن. . . . ئەوان دەیانەوێ لەم جەزائیرە نوێیەدا دەسەڵاتیان هەبێت، بەڵام بۆ چ مەبەســتێک؟ بۆخۆشــیان نازانن. پێیان وایە هەر شتێک ڕاســتییەکی سادە نەبێت، بۆ شۆڕش مەترسیدارە.

ســەرەڕای ئەم ناکۆکییانە، فانۆن بەتەواوی بە FLN وەفادار مایەوە و، قەت بەئاشــکرا ئەو ڕەخنانــەی بــە زمانیدا نەهــات، تەنانەت ئەو کاتەی ئابانیێ بە شێوەیەکی گوماناوی «بێ‌سەر و شــوێن کرا» - دوای هاتنە سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٢دا، FLN دانی بەوە نا کە بەشێک لە هاوسەرکردەکانی کوشتوویانە.

تــا کۆتاییی ژیانی، مەرگی ئابانیێ لە فانۆنی نەدەبووەوە و هەر لەگەڵی بوو. سەرەڕای ئەمە، دەیزانی ئەگەر بە ئاشــکرا باسی ناکۆکییەکان لەنێــو FLNدا بکات، ئیمپریالیزمی فەرانســا بــۆ دابەشــکردنی بزووتنەوەکــە کەڵکــی لێ وەردەگرێــت. فانۆن ئەو دیســیپلینەی قبوڵ کرد کە وێدەچــوو ئەندامیەتی لە ڕێکخراوێکی شۆڕشــگێڕدا وەربگرێت کــە دژی دوژمنێکی بەهێز، خەباتی چەکداری دەکات.

## ڕوانینی فانۆن دەربارەی سەربەخۆیی

ئالیس چێرکی کە ســاڵانێکی زۆر لە نزیکەوە لەگــەڵ فانــۆن کاری دەکــرد، یەکێــک لە دڵەڕاوکێ ســەرەکییەکانی لە ساڵانی کۆتاییی ژیانیدا باس کردووە:

فانــۆن نیگەرانی شــێوەی ئــەو کۆمەڵگا نوێیــە بوو کە لە جەزائیر دوای ســەربەخۆیی ســەرهەڵدەدات؛ ئاســۆکان لێڵ و تەمومژاوی بوون - بورژوازییەکی نــوێ کە ئامادە بوو لەو شــوێنەدا درێژەی پــێ بدا کــە ئەوانی دیکە وازیــان لێ هێنابوو، یان ململانێی دەســەڵات لەنێو خێڵە جوداوازەکاندا، یان بزووتنەوەیەکی ئایینی کە لە دیاریکردنی سروشــتی دەوڵەتدا سەرکەوتوو بێت.

ئــەم نیگەرانییانــە ڕاســتەوخۆ بنەمــای بەڵگاندنەکانــی لــە کتێبی داماوەکانی ســەر زەویــدا (The Wretched of the Earth) دارشــت. خەباتی ڕزگاریخوازیــی نەتەوەییی جەزائیــر بزووتنەوەیەکی فرە چینایەتی بوو کە لە جووتیاران، کرێکارانی شــاری، «پرۆلیتاریای

لۆمپەن» و بورژوازیـــی نەتەوەیی پێک هاتبوو. ســـەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرینگەی ئەندامانی چینی دووەم لە شەڕی سەربەخۆییدا دەیگێڕن، فانۆن لەســـەر ئەو بـــاوەڕە بوو کە پاش هاتنە ســـەر دەسەڵات، ڕۆڵی پاشەکشەیی دەگێڕێت.

بەشـــێکی بەناوبانـــگ بـــە نـــاوی «داوی هۆشـــیاریی نەتەوەیی»، بورژوازیی نەتەوەیی لە چوارچێـــوەی ئەفریـــکادا وەک چینێکی ملۆزم پێشـــان دەدا کە نە دەســـەڵاتی ئابووریی و نە بیرۆکەیان هەبووە و لە ڕووی سیاسییەوە ئەمن نییە. لەگەڵ هاتنە ســـەر دەســـەڵات، لەسەر حیسابی جەماوەر بەدوای بەرژەوەندیی تەسکی خۆیدا دەگەڕا:

هەربۆیە بـــۆ بیرکردنـــەوەی ئێمە، ئەرکی مێژوویـــی بۆرژوازییەکی نەتەوەییی ڕەســـەن لە وڵاتێکی دواکەوتوودا، کە حاشـــا لە پێگەی خۆی وەکوو بۆرژوازی و کەرەســـتەی سەرمایە دەکات، بـــە تـــەواوی ملکەچی ئەو ســـەرمایە شۆڕشگێڕییەیە کە گەل نوێنەرایەتی دەکات.

فانۆن نووســـیویەتی ئەم بابەتە «پرســـیارە تیۆرییەکـــەی وروژانـــد، کە لە پەنجا ســـاڵی ڕابردوودا دەربارەی مێژووی وڵاتانی دواکەوتوودا هاتووەتە بەرباس، واتە ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی کاریگەر قۆناغی بورژوازی تێپەڕێندرێت.»

«پەنجـــا ســـاڵی ڕابـــردوو» لێـــرەدا ئاماژە بە قۆناغی دوای شۆڕشـــی ڕووســـیای ســـاڵی ١٩٠٥ دەکات، کە مارکسیســـتەکان بە چڕی مشـــتومڕیان لەســـەری بوو کە ئاخۆ پێویستە قۆناغێکی گەشەسەندنی ســـەرمایەداری لەژێر ڕێبەرایەتیـــی بورژوازیی لیبراڵدا پاش ڕووخانی تێزاریـــزم هەبێت. ڕووســـیا لەو ســـەردەمەدا وڵاتێکـــی دواکەوتـــوو بـــوو و، زۆرێـــک لـــە مارکسیستەکان پێیان وابوو کە ئەو وڵاتە ئامادە نییە دەستبەجێ بەرەو سۆسیالیزم بگوازرێتەوە. دواتر ســـەرکردایەتیی یەکێتیی ســـۆڤیەت و ئینتەرناســـیۆناڵی کۆمۆنیســـت ئـــەو فەرمانە تیۆرییانـــەی لە چوارچێوەی ڕووســـیادا ئامادە کرابوون، بۆ نێو وڵاتانـــی دیکەی دواکەوتووی وەک چیندا بڵاو کردەوە.

فانۆن ئەم مشتومڕە مێژوویی‌یەی دەربارەی شۆڕشەکانی ئەفریکای سەردەمی خۆی هێنایە بەربـــاس لەســـەر ئـــەو بنەمایە کـــە «قۆناغی بورژوازی هەر باســـی ناکرێ.» چۆن پێشبینی کرد ئەمە ڕوو بدات؟ فانۆن بۆ یەکەم جار چەند ســـاڵ لەمەوبەر لە وتارێکدا بـــۆ ڕۆژنامەی ئێل موجاهیـــد، ڕۆژنامەی FLN، کـــە لە تەبعیددا لـــە تونس بڵاو دەکرایەوە، باســـی ئەم بابەتەی کردبوو و، بە بەردەوامـــی هاوکاریی دەکرد. لە کتێبی "شۆڕشی دێمۆکراتیک"دا نووسیویەتی: "لـــە جەزائیر شـــەڕی ڕزگاریـــی نەتەوەیی لە شۆڕشـــێکی دێمۆکراتیک جیا ناکرێتەوە". ئەم شۆڕشـــە دێمۆکراتیکـــە لە دوو بەشـــان پێک هاتووە:

لە لایەکەوە پشـــت بە بەها بنەڕەتییەکانی مرۆڤگەراییـــی مۆدێـــرن دەبەســـتێ دەربارەی تاکێک کـــە وەکـــوو مرۆڤێـــک وەردەگیرێت: ئازادیی تاکەکەســـی، یەکسانیی ماف و ئەرکی شـــارۆمەندان، ئازادیی ویژدان، کۆبوونەوەکان و هتد ... هەموو ئەو شتانەی ڕێگە بە تاک دەدات، گەشـــە بکات و پێش بکەوێـــت و، دادوەری و داهێنانی تایبەتیی خۆی بە شێوەیەکی ئازادانە بەکار بهێنێ.

زەحمەتە بتوانین بەرگرییەکی بەهێزتر لە فرەییی دێمۆکراتیک وێنا بکەین. بەم حاڵەشەوە، فانۆن واوەتریش ڕۆیشـــت و ئاماژەی بەوەدا کە "لە لایەکی دیکەوە بیرۆکەی دێمۆکراســـی کە دژی هەموو زوڵم و ستەمێکە، وەکوو چەمکێک لە دەســـەڵات پێناســـە دەکرێت. لێـــرەدا بەم مانایەیە کە ســـەرچاوەی هەموو دەســـەڵات و سەروەرییەک لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت". بەئاشـــکرایی پێی وابوو سەربەخۆییی نەتەوەیی دەبێ لە شـــێوەی کۆمارییەکـــی دێمۆکراتیک بێت کـــە لەجیاتی بـــورژوازی لەژێر کۆنترۆڵی جەماوەردا بێت. تەنیا چوارچێوەیەکی سیاسیی لەم شـــێوەیە دەتوانێ شۆڕشەکە گەشە پێ بدا تا ئـــەو ڕادەیەی ماڵئاوایی لە نامرۆڤایەتیبوونی

کۆمەڵگەی سەرمایەداری بکات.

## لامەرکەزییەتی سیاسی

فانۆن بە تەواوی ئاگاداری ئەوە بوو کە تێپەڕبوون لە هۆشیاریی «نەتەوەیی» بۆ «کۆمەڵایەتی»، لە سوڵتەی کۆلۆنیالیزمەوە بۆ داهاتوویەکی سۆسیالیستی، لە شەویکدا وەدی نایەت. بۆ ئەوەی بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو بنێین، سەربەخۆیی نەتەوەیی دەبێ لەسەر بنەمای دێمۆکراسییەکی تەواو بێت و بە تەواوی لەنێو جەماوەردا بوار و زەمینە بخولقێنێت - کە زۆربەری هەرە زۆریان لە دۆسیەی جەزائیردا جووتیار بوون (بەپێی خەملاندنی فانۆن، لەسەدا ٨٢ی حەشیمەت). ئەو دەیگوت ئەگەر ئەوە ڕوو نەدات، وەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی دەیسەلمێنێت کە «نێوزگ و کاکڵەکەی بۆش و بەتاڵ»ە.

کەوابوو چۆن کتێبی داماوەکانی سەر زەوی (The Wretched of the Earth) پێشبینیی تێپەڕاندنی دێمۆکراتیکانەی کرد کە تێیدا « هەموو دەسەڵات و سەروەرییەک لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت»؟ ناوەندی ئەمەش لامەرکەزی بوو. لە دژایەتیی ئەو مۆدێلە ناوەندییانەی گەشەسەندن کە بە کردەوە باوەش بە هەموو بزووتنەوە سۆسیالیستی و ناسیۆنالیستییەکانی ئەو سەردەمەدا دەکەن، فانۆن گوتی بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە «دیمیۆرج، گەلە و سیحر و جادووەکە هەر لە دەستی ئەواندایە»، میللەت دەبێ «تا ئەوپەڕی لامەرکەزی بێت".

ئاماژەی بەوەش کرد، "پێویستە خۆمان لە ناوەندی کردنی هەموو شتێک لە پایتەخت بەدوور بگرین". نابێ بەرپرسانی دەوڵەتی لە شوێنێک نیشتەجێ بن، دەبێ ناچار بکرێن لە سەرانسەری وڵاتدا بێن و بچن، بۆ ئەوەی لە خەڵکی گوندنشین و شارەکان دانەبڕێن و پێوەندییان لەگەڵیان هەبێ. ئەمەش بەو مانایە نییە کە دژی نەتەوەیی کردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە:

کەچی ئاشکرایە و نابێت ئەم جۆرە نەتەوەیی کردنە لایەنی کۆنترۆڵی توندی دەوڵەتی هەبێ. . . نەتەوەیی کردنی کەرتی سێیەم واتە ڕێکخستنی دێمۆکراتیکی ناوەندەکانی کڕین و فرۆشتنە. بە مانای لامەرکەزییەتی ئەم ناوەندانەیە بۆ بەشداریی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا.

لە هەموویان زیاتر، فانۆن دژی بیرۆکەی تاک حیزبی بوو کە وەک «پێشەنگ»ی شۆڕش خزمەت بکات. بە توندی دژایەتیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە تاک حیزبییەکان وەک «فۆرمی مۆدێرنی دیکتاتۆریی بورژوازی - بەبێ دەمامک، جوانکاری، زوڵم و زۆری کە لە هەموو ڕوویەکەوە بە شێوەیەکی ڕەشبینانە زەوت کراوە، » ڕاگەیاند. هەڵبەت دژی حیزبەکان نەبوو، بەڵام سوور بوو کە حیزبیش وەکوو میللەت دەبێت «تا ئەوپەڕی لامەرکەزی» بێت.

فانۆن لەبەر ئەوەی وەکوو باڵیۆزی FLN، کۆمەڵێک سەفەری کردبوو، بە تەواوی ئاگاداری ئەوە بوو کە دەوڵەتە ناوەندی و تاک حزبییەکان لەوان سەردەماندا حوکمڕانییان بەسەر زۆربەی وڵاتانی ئەفریکاییی تازە سەربەخۆدا دەکرد، لەنێو ئەو وڵاتانەی وێنەیەکی ڕادیکاڵتریان هەبوو وەکوو غانای کوامێ نکروما و گینیای سێکۆ تۆرێ. بەدڵنیاییەوە ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەم مۆدێلە سیاسییە ڕێک ئەو مۆدێلەیە کە FLN خۆی بە «تاکە نوێنەری یاسایی»ی گەلی جەزائیر ڕاگەیاند و، دەیویست بنیاتی بنێ. فانۆن گرینگیی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی یەکگرتووی لە کاتی خەباتی سەربەخۆییدا وەپشت گوێیان نەدا؛ بەپێچەوانەوە بەردەوام بەرگری لێدەکرد.

بەشیر ئەبومەنە لەم دواییانەدا باسی لەوە کردووە کە «بەدبەختی ئەو شوێنەیە کە فانۆن جیهانبینیی سیاسیی جێگرەوەکەی پەرە پێ دەدات، کە تێیدا سیاسەتی چینایەتی ئەولەوییەتی هەیە.» بەم حاڵەشەوە، کتێبەکە

پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە خەباتی نەتەوەیی تا ئەو کاتەی کۆلۆنیالیزم زاڵ بێت، ئەولەوییەت دەپارێزێ. بە توندی ڕەخنەی لەو کەسانە دەگرت کە دەیانگوت مرۆڤایەتی "قۆناغی داواکارییە ناسیۆنالیستەکانی تێپەڕاندووە . . . بەپێچەوانەوە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین، ئەو هەڵە قورس و گرانەی کە دەرئەنجامی خراپی هەیە، لەدەستدانی قۆناغی نەتەوەیی‌یە".

لە ڕوانگەی فانۆنەوە، هەنگاوەکان لە هۆشیاریی نەتەوەیی‌یەوە بۆ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، یەکەمیان وەلا نانێ، بەڵکوو قووڵتری دەکاتەوە: "هوشیاریی نەتەوەیی کە ناسیۆنالیزم نییە، تاکە شتێکە دەتوانێ ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیمان بداتێ." تێپەڕاندنی ئەو ڕەگەزپەرستییەی کە جیهانی کۆڵۆنیکراوی پێناسە دەکرد، ناکرێ بە دەرهەست بوون لە هۆشیاریی نەتەوەیی یان شانازیی ڕەگەزی وەدەست بێت، بەڵکوو بە بەردەوامبوون لە ڕێگەی ئەوانەوە وەدەست دێت. هیچ کوێرەڕێیەک بۆ ڕزگاری نەبوو.

بەڵام فانۆن زۆر ئاگاداری ئەوە نەبوو کە دەستەبژێر و ئێلیتە سیاسییەکان بە خراپی کەڵک لە ناسنامەی ڕەگەزی یان نەتەوەیی وەردەگرن تا جەماوەر لە دەهەڵمەتگرتنی(ئالنگاری) دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانیان بەلاڕێدا بەرن. داماوەکانی سەر زەوی (The Wretched of the Earth) هۆشدارییەکی توند لە دژی هەر دوو ڕوانگەکان بوو.

## دێموکراسی و ڕزگاری

سەرەڕای ڕێزلێنان لە کارەکانی فانۆن، زۆربەی نووسەران ئاوڕ لە قووڵیی پابەندبوونی ناوبراو لە دێموکراسیی تەواو نادەنەوە. بەو پێیەی ڕەخنەی خۆی لە بورژوازیی نەتەوەیی لە ئاستێکی گشتیدا هێنایە گۆڕێ و، ناوی تاوانبارانی تاکەکەسی یان ڕێکخراوەیی لە جەزائیر یان دەوڵەتانی دیکەی ئەفریکایی نەهێناوە، ڕەنگە زۆر بەئاسانی ئەو ڕەخنەیە تەنیا بۆ سازشکارانی نیۆکۆلۆنیالیزم وەک سێنێگال لیۆپۆڵد سێنگۆر لە سێنێگال یان فێلیکس هۆفۆ-بۆینی لە کەناری عاجدا دەکار بکرێت.

سەرەڕای ئەمە، دژی پرسی مەیلەو چەپی ڕادیکاڵ لەنێو شۆڕشەکانی ئەفریکادا بوو: «بورژوازیی نەتەوەیی، لەسەر ئاستی دامەزراوەیی، قۆناغی پەرلەمانی تێدەپەڕێنێ و دیکتاتۆرییەک لە جۆری نەتەوەیی-سۆسیالیستی هەڵدەبژێرێت.» لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، ئەوانەی نارەزایەتییان دەربڕیبا، «خوری‌شۆر دەکران، لە بەندیخانە توند دەکران و، پاشان دە ژێرزەمینیان دەپەستاوتن».

پابەندبوونی فانۆن بە حوکمڕانییەکی دێموکراتیک کە بەتەواوی لەنێو جەماوەردا هەڵی لەباری بۆ دەرەخسا، بە کردەوە هەموو لایەنەکانی کتێبی داماوەکانی سەر زەویی نیشان دەدا. هەر وەکوو مارکس لەوە تێگەیشت کە سۆسیالیزم «بزووتنەوەی بەئاگا و سەربەخۆی زۆربەی هەرە زۆری، لە بەرژەوەندیی زۆرینەدایە». بەڵام بەپێچەوانەی ئەورووپا، ئەوە جووتیاران بوون نەک پرۆلیتاریا کە «ڕێژەی هەرە زۆر»یان لە ئەفریکا پێک دێنا. هەربۆیە فانۆن وەک سوژەی شۆڕشگێڕانە ناساندنی.

ئەو تێڕوانینەی کە چینی کرێکاری کەمینە بە ڕێبەرایەتیی حیزبێکی پێشەنگی «دروست» دەتوانێ کۆمەڵگەیەکی نوێ بنیات بنێ، بەتەواوی بۆی نامۆ بوو. هەروەها ئەو بیرۆکەیەش هەبوو کە جووتیارانی ژێردەستەی ئەرتەشێکی «شۆڕشگێڕ» و بەدوور لە حوکمڕانیی دێموکراتیک دەیتوانی هەمان ئەرک ڕاپەڕێنێ. فانۆن هەڵوێستێکی هێنایە بەرباس کە دژایەتیی زۆربەی مەیل و داگەڕانە باوەکانی هەردوو چەپی مارکسیست و ناسیۆنالیستی-شۆڕشگێڕی دەکرد.

ئایا فانۆن لە ڕووی ئەزموونییەوە دەربارەی ڕۆڵی چینی کرێکار لە وڵاتانی ئەفریکادا ڕاستی دەگوت؟ بەڵگەکان سەلمێنەری ئەوەن

کە لە نووسینەوەی، زۆری لێ بەپەلە بووە، هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەگرانیشی زۆر زوو وایانزانی کە جووتیاران قەت ناتوانن ڕۆڵی سیاسیی سەربەخۆ بگێڕن. بەم حاڵەشەوە، ئەمە پرسیارێکی گرینگ نییە کە لە سەردەمی خۆماندا قسەی لەسەر بکەین، بەپێچەوانەوە دەبێ سەیری پێوەندیی هاوچەرخی چەمکی گواستنەوەی دێمۆکراتیکی ئەو بکەین.

شەست ساڵی ڕابردوو پڕ لە نموونەی مەیلی سیاسیی پلەبەندی و دەسەڵاتخواز بووە کە پێویستیی جۆرێک گواستنەوەی دێمۆکراتیکانەی بەرەو سۆسیالیزمیان وەپشت گوێ دەدا کە فانۆن پێشبینی دەکرد. ئەم ڕوانگەیە یەک لە دوای یەک شکستی هێنا. تەڤگەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمە وانەکانی ئەم ئەزموونەیان وەرگرتووە و، بەردەوام فۆرمی پلەبەندینەکراو و ئاسۆییان گرتووەتەبەر کە تایبەتمەندییەکەی مشتومڕی گشتیی ئازاد و کراوەیە دەربارەی هەموو ئەو پرسانەی کە لەبەردەم تەڤگەرەکەدان. ئەم تەڤگەرانە لە کردەوەدا تێڕوانینی نێو مرۆڤگەراییی نوێی فانۆنیان زیندوو کردووەتەوە کە بیرکردنەوەکەی ناوبراو لە جاران زیاتر ڕازی دەکات.

ئەمە بەو مانایە نییە کە فانۆن هەموو جۆرە پلانێکی پێشکەشی ئێمە کردووە کە چۆناوچۆن پێشەبرەی کۆمەڵگای بورژوازی بدەینەوە. هێشتا لە کۆتاییی کاری خۆیدا بیری لەم گرفتانە دەکردەوە و خۆی دە زۆربەی بابەتەکان نەگەیاند و وازی لێ هێنان. هەرچەندە بە ئاشکرا هەموو لاپەڕەکانی کتێبی «داماوەکانی سەر زەوی»ی جەزائیری لە زەینیدا بوو، بەڵام ئەم کتێبە بە ڕوونی ڕەخنەی لە FLN یان کەسایەتی و مەیل و داگەرانی پێشەنگ نەگرتووە. لە ڕوویەکەوە ئەمە قسەی لەسەر نەبوو: شەڕی سەربەخۆیی لەو کاتەدا هێشتا درێژەی هەبوو و، فانۆن پابەندی ئەوە بوو هیچ کارێک نەکا، لاوازی بکات. بەم حاڵەشەوە، ئەمە نیشانەی لاوازیی سەردەمی مێژوویی ناوبراو بوو.

لە کاتێکدا نەریتێکی گفتوگۆی کراوەی مارکسیزم لە ساڵانی دامەزراندنییەوە تا سەرەتاکانی دەیەی ١٩٢٠ سەدەی ڕابردوو تایبەتمەندیی مارکسیزمی دیاری دەکرد، سەرهەڵدانی ستالینیزم بووە هۆی ئەوە کە نەریتی ناشتن، سەرکوت تا ڕادەیەکی زۆر لەبیر بکرێ.

ئەمە شوێنی لەسەر ڕوانگەی شۆڕشگێڕان لە سەرانسەری جیهاندا دانا، وەکوو ئەو شۆڕشگێڕانەی هاوشێوەی FLN کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بە ڕێبەرایەتیی سۆڤیەتەوە نەبوو. ئەمڕۆ بە خۆشییەوە لەگەڵ واقیعێکی جیاواز بەرەوڕووین، کە دەرفەتی تێگەیشتنی نێوەرۆکی ئازادیخوازیی هزری فانۆن بە شێوەیەکی نوێخوازانە ئامادە دەکات.

*. https://rb.gy/vmx4r4

**. پیتێر هۆدیس لە کۆلێژی کۆمەڵایەتیی ئۆکتۆن مامۆستای فەلسەفەیە و، نووسەری کتێبی «فرانتز فانۆن: فەیلەسوفی بەربەستەکانە».

## پەراوێزەکان

1. Abstract

٢. The Global South وڵاتانی باشووری جیهان چەمکێکی نوێیە لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا کە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە ناوچەکانی ئەمریکای لاتین، ئاسیا، ئەفریکا و، ئۆقیانووسییە دەکات. ئەم چەمکە، ئەم وڵات و ناوچانە دەگرێتەوە کە لە پەراوێزی دەسەڵاتدان و، لە دەرەوەی ئەورووپا و ئەمریکای باکوورن. وەرگێڕ

٣. ئەم وتەیەی فانۆن وەبیرهێنەرەوەی بۆچوونی دکتور قاسملوویە، سەرەڕای ئەوەی پێی وابوو ڕێگەچارەی کۆتاییی پرسی سیاسیی کورد، واتە پرسی نەتەوەیی، دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام ناسیۆنالیزمی توندڕەوی مەیلەو فاشیزمی مەحکوم دەکرد و بە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ ناوی دەبرد. هاوکات، بۆچوونی فانۆن جەخت لەسەر پێویستیی هەبوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەگەڵ شۆڕشی سیاسی و سەربەخۆیی دەکاتەوە و، بۆچوونەکانی دیکەی دکتور قاسملوومان وەبیر دێنێتەوە کە پرسی ڕزگاریی کوردستانی بەتەنیا بۆ پرسی سیاسی و نەتەوەیی دانەبەزاندبوو. پێی وابوو ڕزگاری دەبێ پرۆسەیەکی فرەڕەهەند بێ و جگە لە پرسی نەتەوەیی و سیاسی، هێندێک پرسی کۆمەڵایەتی وەکوو چەوسانەوە و جیاوازیی چینایەتی، ئازادیی و، یەکسانیی جێندەریش بگرێتەوە. وەرگێڕ